www.kurdistannet.org
21-2-2007 17:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کورد پێشئەوەی ئیسلام یان هەر ئاینێکیتر بوو بێت کورد بووە! ... جەمال فەتاح



لەم ڕۆژانەدا لەسنوری شێخان ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوویدا کە موچڕکی بەلەشی هەر مرۆڤێکی ویژدان زیندو دا هێنا، ئەویش کوشتنی کیژێکی ئاشق بوو لەلایەن کەسوکاریەوە کە دڵی خۆی دابووە کوڕێکی کوردی بەئاین ئێزدی، دیارە بیری دەمارگرژی عەشایەری وبیری دەرمارگرژی ئاینی دو بیری دواکەوتوانەن کەلەکوردستان بەگشتی ولەناوچە دواکەوتووەکان بەتایبەتی زیاتر پەرەی گرتووە وگەلی کوردیش بەدرێژایی مێژو توشی زیانی قورس وهەزاران تراژیدیای لەم جۆرە بووە بەدەستی ئەو دو بیرە دەمارگرژە دواکەوتوانەوە.

ئاینی ئێزدی لەپێش پەیدابوونی ئاینی ئیسلام ئاینی بەشێکی زۆری لەنەتەوەی کورد بووە، وەئەو ئاینە لەدوای هاتنی ئاینی عەرەبەکان کەئاینی ئیسلامە هەردەم پەلاماردراوەو هەوڵی لەناوبردنی دراوەو هەوڵی قڵتوبڕ کردنی ڕابەران وپەیڕەوانی دراوە چیٚ لەلایەن سوپای ئیسلام وچی لەلایەن دەسەڵاتدارە دەمار گرژە ئانییەکانی ئاینی ئیسلامەوە لەناوچەکەدا، بەجۆرێک زۆر جار تاکولێواری مەرگ ئاینی ئێزدی دژایەتی کراوە، بەڵام نزیکی هەشتا ساڵێکە بەتایبەتی لەدوای لەناوچونی دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی ئەو ئاینەو پەیڕەوەکانی توشی هیچ جۆرە ڕاوەدونان وکۆمەڵکوژییەک نەبوون، وەچەوسانەوەی ئاینیان بەتەواوی لەسەر هەڵگیراوە، وەلەنێوان ئێزدی وموسڵمان ومەسیحیدا کەهەمویان لەناوچەی ئامێدی وشێخان هەن هیچ جۆرە کێشەیەک ڕووی نەداوە کەشایانی باس بێت، چونکە خاڵی هاوبەش زۆر بووە کەبەیەکەوە کۆیان بکاتەوە، ئەویش یەک نیشتمانیان هەیە کەکوردستانەو یەک دوژمنی سەر سەختیشیان هە بووە کە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق بووە، وەبەتایبەتی کوردی ئێزدی وکوردی موسلمان هەردوکیان یەک نەتەوە بوون کەکوردەو، ئیتر جیاوزای ئاین نەبووەتە کێشە لەنێوانی ئەو دوو لایەنەدا، بەڵام بیری دواکەوتوانەی عەشایەری وعەشیرەت گەری هەردەم لەسەر دەمارگرژی خۆی بەردەوام بووە، ئەو بیرە هەردەم هەمو سەربەستییەکانی تاکی کۆمەڵگا سنور دار ئەکات، هەر چەند خۆشەویستی هیج سنورێک ناناسێت، بەڵام بیری عەشایەری خۆشەویستی پۆلین وسنوردار ئەکات وئەگەر هەرتاکێکی کۆمەڵگاش لەسنوری تەسکی عەشایەری دەرچوو بەوجۆرە لەناوی ئەبات وئەبێتە هۆی درستکردنی تراژیدیاکان.

بۆیە لێرەدا پێویستە لەسەر دەسەڵات وڕووناک بیران کە هەوڵبدەن بۆ بنەبڕکردنی ڕەگی عەشایەری دواکەوتوانە لەکوردستانداو جێنشینکردنی ئاوەزو گەشەکردنی ڕۆشنبیری لەجێگای بیری دواکەوتوانەی عەشایەری ودورخستنەوەی هەرچی زیاتری کۆمەڵگا لەو بیرە دواکەوتوانە کە بەدرێژایی مێژو ژیانی کۆمەڵگای پڕکردووە لەتراژیبدیای جۆراو جۆرو بەردەوامیشە، ئەمە هەرچەند ڕووناک بیران ودەسەڵاتی کوردستانیش درێخیان نەکردووە لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا بەڵام بەدیدی من هەر ئەوەندە بەس نییەوپێویستی بەهەوڵی زیاتر هەیەو پێویستی بە دروستکردنی چەندین ئۆرگانی جیاجیای ڕووناک بیری هەیە لەهەموکوردستان بەگشتی ولەناوچە عەشایەریی ودواکەوتوەکان بەتایبەتی، بۆ ئامۆژگاری وتێگەیاندنیان بەبیری نوێ ودور خستنەوەیان لەبیری دەمارگرژی دواکەوتوانەی عەشایەری وبیری دواکەوتوانەی دەمارگیری ئاینی وهتد. . وە پێویستە لەهەموتاکێکی کۆمەڵگا بگەیەنرێت کە کورد پێش ئەوەی هەڵگری هەر ئاین ومەزهەبێک بوو بێت، کورد بووەو ناشبێت ئاین ومەزهەب وعەشایەر گەری وهەر بیرێکی دواکەوتوانەیتر ببێتە هۆی درزتێکردن لەجەستەی یەک ڕیزی گەلەکەماندا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەداخەوە هەندێک لە بەناو ڕووناک بیران لەباتی دەرخستنی کرۆکی کێشەکان ودەستنیشانکردنی هۆکاری دروست بوونی کێشەکان وەکو خۆی، وە دەست نیشان کردنی ڕێگاچارەی پێویست بۆکێشەکۆمەڵایەتییەکان، کەچی لەپێناوی بیری حزبایەتی تەسکدا ڕاستییەکان ئەشێوێنن وڕووداوەکە بەئاوەژۆ نیشانی خوێنەران ئەدەن، بۆنمونە کاک عەلی مەحمود محەمەد، وتارێکی نوسیوە، کەخوێندمەوە وامزانی باسی غەزای بەدروحونەین ئەکان یان باسی سەردەمی سوڵتان موزەفەر ئەکات کەچەند هەزار سوپا کۆکرابێتەوە بۆغەزا، بێئەوەی هیچ شتێکی واهەبێت کە ناوبراو باسی کردووە، هیوادارم هەر قەڵەم بەدەستێک کە ئەنوسێت تەنها بۆ نیشاندانی ڕووی ڕاستی بنوسێت وچیتر ڕاستییەکان لەخوێنەران ولەکۆمەڵگاش لەپێناوی هیچ مەبەستێکدا ئاوەژۆ نەکەن!!.

لەندەن
2007/2/18

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.